کارمەندانی تەندروستی:چیتر بەرگەی ئەو قەیرانە ناگرین و سەکتەری تەندروستی بەجێدەهێلین

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لقی سلێمانی رایگەیاند، حکومەتی هەرێم ڕێی پێزانینی نییە بە کارمەندانی تەندروستی، تاوەکو سەرەتای هەفتەی داهاتو بەردەوام دەبن لە خزمەتکردنی نەخۆشکان، لە سەرەتای هەفتەی داهاتووە بەرگەی ئەو قەیرانە ناگرن و سەکتەری تەندروستی بەجێدەهێن و هەمو حاڵەتێکی نەخوازراویش دەخەنە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی لقی سلێمانی لە راگەیەنراوەکدا بەاویان کردووە، ئاشکرایە قەیرانی دارایی بە گشتی تەنگی بە هەموان هەڵچنیوە و بە ئەستەم دەتوانرێت بەردەوام ببرێت بە پشکشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، دواکەوتنی موچە و پێدانی سە مانگی دیکە لە موچەی ساڵی 2023 هەندێ تر ژیان و گوزەرانی کارمەندانی تەندروستی قورستر کردوە.

ئاماژە بۆشکراوە، دەستخۆشی لە کارمەندانی تەندروستی دەکەن کە تاوەکو ئێستا بەردەوامن لە خزمەتی نەخۆشەکان و هاوڵاتیانی هێژار و بێ مەینەتیی شاری سلێمانی وەک ئەرکێکی مرۆڤایەتی و ئایینی و پیشەیی.

ئۆشخراوەتەو، لە کاتێکدا زەربەی نەخۆشخانە و سەنتەر و مەبەند و بنکە تەندروستییەکان چەند شار و شارچکەیەکی دەوروبەر بایکۆتیان کردوە و نەخۆشکانیان رو لە شاری سلێمانی دەکەن، هەندێ تر ئەرکی سەر شانی کارمەندانی تەندروستی سلێمانی قورستر بوە، زیاتر لە 40 ڕێژە زەربەی پزیشکەکان دەوامیان جەهەشتوە.

لە راگەیەنراوی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی باس لەوەشکراوە، هەشتا حکومەتی هەرەم و وەزارەتی تەندروستی هیچ پەزانینەکیان نییە بە ڕەی گرنگی کارمەندانی تەندروستی و فەرمانبەران و چینی و توێژەکانی دیکە، لە کاتا هەویاندا لە پەیکەری بەرەوبەردنی وەزارەتی تەندروستی و بەرەوبەرایەتییە تەندروستییەکاندا کارمەندانی تەندروستییان سەیوتەوە و دەیانوت هەندێ تر سەنگ و پەگەیان لاوازتر بکەن
ئۆش ئاشکراکراوە، بەردەوام دەبن لە خزمەتی نەخۆش و هاوڵاتیانی هێژار و فەرمانبەرانی بە موچە و کاسبکارانی بە کەسابەت تاوەکو سەرەتای هەفتەی داهاتو، لە سەرەتای هەفتەی داهاتوەو توانای بەرگەگرتنیان نامێنێت و ناچار دەبن سەکتەری تەندروستی بەجێبهێڵن.